

# بازنگی گوڵ بۆ دەستی خانمان



ئێکسسوارەکان خانمانی بووك جوانتر و رازاوەتر دەکەن، ئەمەش بە گوێرەی جوانی و رازاوەیی دەوەستێ، بۆیە دەبێ گشت ئێکسسوارەکان هەر یەکە بەجوانی خۆی کاری بۆ بکرێ، لێرەدا جوانی شێوازەکان دەبێتە رێگەیەك بۆ جوانی و ناسکی لە مۆدەکانی پێداویستی و ئێکسسوارەکان، ئەوەی لێرە مەبەستمانە بریتییە لە (دەستە گوڵ) لە جێگەی بازنگ بۆ خانمانی بووك.



شێوازی دانانی ئەو بازنگە لە گوڵە، ئێستا وەك مۆدەیەك کاری پێدەکرێ بۆ رازاندنەوەی خانمانی بووك، هەروەها دەبێتە جوانییەك بۆ شایستەکردنی دەستەکان. بە تایبەت کاتێك کە گوڵەکان شێوازێکی رەنگاورەنگ و جوان لەخۆ دەگرن.







# ملوانکە رازاوەکـ

هەر کە باس لە ئێکسسوارەکان دەکەین، دەبێ راستەوخۆ باس لە ملوانکە بکەین، چونکە بە شای ئێکسسوارەکان دەناسرێ، بەهۆی ئەو جوانییەی دەیبەخشێ، تەنیا شێوازەکانی ملوانکەکان کار لەجوانی بەشی سەرەوەی جەستەی خانمان دەکەن، ئەمەش وادەکات لە رێگەی ملوانکەکان، جوانییەکی رەها پێشکەش بکەن،

# لە کەرەستەکانت چەندین دیکۆر بنەخشێنە



رێکخستن و دانانی کەرەستەکانی ماڵ، بریتی دەبێ لە شێوازێك و هونەرێك بۆ جوانی دانانی دیکۆری ماڵ، بۆیە دەکرێ سوود لەجوانی کەرەستەکان وەربگرین، لەو رێگەیەشدا جوانییەکی کراوە دەربکەوێ، لە هەنگاوەدا خانمان دەبێ کاری هونەری و جوانکاری لە کەرەستەکاندا بکەن. بۆ نموونە دەکرێ لە هەمان کەرەستەکان، دیکۆرێکی دیکە ئامادەبکەن، ئەمەش تەنیا چەند بیرۆکەیەکی جوانی دەوێ بۆ ئەوەی لە نزیکەوە دیکۆرەکان گۆڕانکاریان بەسەردا بێ. وەکو ئەو شێوازە لە دیکۆری خواردن کە دەکرێ بە چەندین شێوە و جۆر کاری گۆڕانکاری بۆ ئەنجام بدرێ.








## …ان بۆ جوانی مل

لێـــرەدا دیمەنـــەکان بە جوانترین شـــێواز دەردەکەون. بە تایبەت کاتێك کە ملوانکەکان ناسك و رازاوە دەبن، بۆیە یەکێك لە شایستەترین دیمەنەکان بریتییە لـــە ملوانکەی ناســـك و رازاوە بۆ ملی خانمان، وەك ئەو چەند وێنەیە لە ملوانکەی باریك و ناسك.

# تەسریحەی (کاریٚ) بۆ قژی کورت

قژ بە چەندین مۆدە و جوانی رازاوەوە دەردەکەویٚ، بۆیە لە رێگەی تەسریحەکان دەکریٚ چەندین مۆدەی جوان و شایســـتە دەربخەین، لێـــرەدا جۆرێك لە خانمان حەز بە قـــژی کورت و ســـەرح دەکەن، بەڵام وادەزانن کە قژیان بەم شـــێوەیە دەرناچیٚ کە لە بەرچاوان جوان بـــیٚ، بۆیـــە یەکێك لە تەســـریحەکان بە جوانییەکـــی رازاوە و ناســـك دەردەکەویٚ، ئەمەش تەســـریحەی خـــاو و کورتە، لێرەدا دەکریٚ لـــە رێگەی دوو هەنگاوەوە کاری بۆ بکەین، یەکێکیان بریتییە لە خاوکردنی قژ، دواتر کاری برین و دانانی تەسریحەی (کاریٚ ) دەردەچیٚ، کـــە پییێدەگوتـــریٚ (کاریٚ مۆدێـــرن) کـــە شایســـتەترین تەســـریحەیە بـــۆ جوانی و خاوکردنی قژی کورت.







# جوانی خرخاڵ لەپێی خانمانی کورد



جوانی ئێکسسوارەکان هەر یەکە بە شێوازێکی رازاوە دەبیٚ، لێرەدا چەندین جۆرە ئێکســـــوار هەن، بۆ نموونە ئێکسسواری کوردی و ئێکسسواری بیانی، دەبیٚ ئاماژە بە یەکێك لە سەرنجڕاکێشترین ئێکســـوار بکەین، ئەویش بریتییە لەو ئێکسسوارەی لەپیٚ دەخریٚ و بە دەنگ و جوانییەکی بێهاوتا، دەبێتە ئەنجامی جوانییەکی کراوە لەپیٚ خانمان.

ئەوەی باسی دەکەین بریتییە لە خڕخاڵ، کە یەکێکە لە جوانترین و ناسکترین ئێکســـوارەکانە کە بەشێوەیەك جوانییەکەی لەپیٚ خانمانـــدا دەردەکەویٚ، دەکریٚ خڕخاڵەکان لەزێڕ یان زیوو بیٚ، بۆیە هەر یەکە بە جوانییەکی درەوشـــاوە دەگەشـــێتەوە و مایەی ناسکی دەبەخشیٚ.



بەرپرسی فایلی ڕەنگاوڕەنگ: مەهدی حاجی ساڵح بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504679560 Email: iwan_gardi@hotmail.com



# مانگی هەنگوینیت لەژێر ئاو بەسەر بەرە

مانگی هەنگوینی ماوەیەکی زۆر ناسك و جوانە لە ژیانی هاوسەری، کە سەرەتایەکە بۆ لەیەك تێگەیشتن و گەشت کردن، بۆیە دەبێ گشت هاوسەرێکی تازە، ئەو ماوەیە بە خۆشترین کات بەسەرببەن، بە تایبەت ئەگەر بەرەو شوێنێك گەشتی بۆ بکەن، چونکە خۆشی زیاتر دەکات. کەچی وادیارە جێگەیەکی جوان و خۆش دانراوە بۆ مانگی هەنگوینی، ئەویش لە ژێر زەریای هێمن، شوێنێکی تایبەت دروستکراوە بۆ مانگی هەنگوینی، ئەوەی بیەوێ دەتوانێ بۆ خۆی ئەو ماوەیە لەژێر زەریادا بە بینینی ماسی و نەهەنگ مانگی



# کۆتایی بە پڵنگ هات

رەنگە لەولاتی ئێمە کەم کەس پڵنگی بینیبێت، بەڵام لەگەڵ ناوهێنانی ترس دامان دەگرێت، ئەمەش بەهۆی ئەو ناوبانگە خراپەی کە هەیەتی کە بەوە ناسراوە درندەترین گیانلەبەرە لەسەر زەوی. ئەنجومەنی باڵای پاراستنی سرووشت لەجیهان رایگەیاند کە ١٢ ساڵی تر پڵنگ بە ئێجگاری کۆتایی پێدێت لەهەموو جیهان، هەر بۆیە داوایان کردووە کە کۆبوونەوەیەکی نێودەوڵەتی لەسەر ئەم بابەتە بکەن لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە پڵنگی تێدایە تاوەکو رێوشوێنی پێویست بگرنە بەر بۆ دەرباز بوون لەم قەیرانە و رێگەچارەیەك بۆ ئەو لەناوچوونەی ئەو جۆرە ئاژەڵە بدۆزنەوە.

جێی باسە ئێستا لە هەموو جیهان تەنیا ٣٢٠٠ پڵنگ ماوە.

# سەیر و سەمەرکانی مۆبایل

لە ژمارەی رابردوودا، بابەتێکمان بڵاو کردەوە لەسەر ئەو سیم کارتەی کە بە نرخێکی زۆر بۆ فرۆشتن دانرابوو، کەچی وادیارە سیم کارتەکە لەلای کەسێکە و فرۆشرابوو، ئەو خەڵکەش هەر یەکە لەلای خۆیەوە نوکە و تەلەفۆن بۆ ژمارەکە دەکات، ئەوەی سەیر بێ خاوەن ژمارەکە بە ئێمەی راگەیاند، کە چەندین کەس تەنیا نوکەیەك دەکەن و کاتێك خاوەنەکەی پەیوەندییان پێوە دەکاتەوە، ئەوانیش دەڵێن (دەمانەوێ ئەو ژمارەیە بکڕین)، خاوەن ژمارەکەش بەو کەسانەی وتووە (تۆ پارەی کارتێکت نییە، ئەی چۆن ئەو ژمارەیە دەکڕی)!

# لیندا ئەندازیاری داهاتوو



(لیندا شەماڵ) ئەو خانمە بچووکەیە، کە تەنیا تەمەنی نزیکەی (٢) ساڵانێك دەبێ، خولیای بە کۆمپیوتەر و تەنانەت لە چەند بەکارهێنانێکی ئامێری کۆمپیوتەر شارەزا بووە، کە دەتوانێ شت بکاتەوە و دایبخات، یان خۆی پێوە خەریك بکات، ئەوەی سەیرە ئەوەی ئێستا بەرێوەیە و ئیتر ئێمە و مانان دەبین بە پاشماوە و لەکارچوو لە بەرامبەر ئەو نەوەیە تازەیە، لیندا خان حەزی بە سەیرکردنی گۆڤاری گوڵان و کە گوڵان بێتە بەردەستی سەیرێکی وێنەکان دەکات.



هەنگوینی بەڕێ بکات، بیرۆکەیەکی جوان و سەیرە، بەڵام دەبێ خانمانی بووك لەو قوڵاییە نەترسن و ئەمەش وادەکات مانگی هەنگوینی ببێتە مانگی ترس و دوو دڵی.

## زەواج (دۆت کۆم)!


وادیارە بەهۆی ئەو دووریەی نێوان کوڕان و کچان بۆ ئەوەی لە پرۆسەی هاوسەریەتی نزیك بن، نووسینگەی تایبەت بۆ ئەو لایەنە کراوەتەوە و کەسیش ئاگادار نییە، دەبێ ئەوە چ بیرۆکەیەك بێ، کە نووسینگەیەك خەڵکی بۆ یەکتر بدۆزێتەوە، یان کاری هاوسەرگیری ئەنجام بدات، ئەگەر وابێ گشت کوڕ و کچی ئەو وڵاتە خۆی دەکا بەو نووسینگەیە بۆ ئەوەی هاوسەری داهاتووی بدۆزێتەوە، ئەوەی سەیرە کەس نازانێ کاری ئەو نووسینگەیە چییە، تەنیا نووسراوە (نووسینگەی پەیمان بۆ هاوسەرگیری)، تەنانەت وێبسایتێکی ئەلیکترۆنیشی هەیە بە ناوی (ئیزەواج دۆت کۆم)!.




## ئەڵماس و زێڕ لە جێگەی قژ

مۆدەی قژەکان سەیرن کاتێك لە ناوەو لە دەرەوەی کوردستان کاری بۆ دەکرێ، لەلای خۆمانەوەش چەندین گەنجان بە شێوەیەك قژیان دادەهێنن، کە جێگەی ماندووبوون و سەرسوڕمانییە، بۆیە لە وڵاتانی جیهانیش کاری وادەکرێ جێگەی سەیر و سەمەرەی گشت کەسێکە، ئەوەی دەبینن بریتییە لە تازەترین مۆدەکانی قژ، کە بە شێوەیەك یەك تەڵە مووی نییە، لە کەرەستە و ئەڵماس کاری دانانی بۆ کراوە، واتە لە جیاتی قژ، ئەڵماس و زێڕ بەکاردەهێنرێ.









## لووتی خانمێک چێنرایەوە





هەنگاوە جوانەکان لە بواری تەندروستی کە یەکێکە لە زانستە بەهێزەکان بۆ مرۆڤ، سوودێکی گەورەی هەیە بۆ زۆربەی مرۆڤ، یەکێك لەوانە ئەو خانمەیە کە خەڵکی وڵاتی ئەفغانستانە و ئێستاش لە ئەمریکا دەژی، لەلایەن گۆڤاری (تایم)ی ئەمریکی، ئەو ناونیشانە بڵاوکراوەتەوە، ئەگەر لە ئەفغانستان دوور بکەوین، چ ئەنجامێکی دەبێ، بۆ ئەو خانمە گەورەترین ئەنجامی بوو، ئەویش بریتییە لە چاندن و دانانی لووتی، کە پێشتر بە هۆی ڕووداوێکەوە مێردەکەی لووتی بڕی بوو ئەو خانمە ناوی (عائیشە)یە و ئێستاش لە وڵاتی ئەمریکا دەژی و بە لووتێکی جوانەوە.

# وێنەی تەخەروج بە تەڕی



بێگومـــان دەزانیـــن لـــەدوا قۆناغەکانی خوێندندا، وێنەیەکی یادگاری بۆ قوتابیانی دەرچوو دەگیـــرێ، کەچی وادیارە لەلای ئـــەو هاوڕێیانە وەك کامێرای شـــاراوەیان لێکردووە، لەو کاتەی گشـــت قوتابیانی پۆلێك ئامادەن بۆ وێنەگرتنەکەیان، کەچی کۆمەڵێك لەســـەرەوە هەر یەکە بە تەشتێ ئاو، ئەوانەی خوارەوە ئاو باران دەکەن. وەك دەبینن (بێگومان لەدوای رشـــتنی ئاوەکە کەس نابێتە برای کەس) !



ئافەرین بۆ ئافرەتی کورد، لەم تەمەنەدا ئەو بەرمیلەی هەڵگرتووە، دەبێ ئەو دیمەنە لە باوك سالاری بێ، یان ئازایەتی ئەو ئافرەتە!

## بووک و زاوا ڕێککەوتن

بووك و خەســـوو هەردەم لـــە کێبڕکێدان لەســـەر ناکۆکی و شـــەڕ و ناخۆشی، ئەمەش لە گشت جیهاندا وایە و تەنانەت ڕێژەیەکی کەم بەم شێوەیە نابێ، کەچی وادیـــارە ئەو خانمە (لـــۆرا هادلاند) لە وڵاتـــی بەریتانیا ئـــەو کارە ناکات و لە دوای مردنی خەســـووی هەڵدەستێ بە دروســـتکردنی وێنەی خەســـووی لەناو کێکێکی گەورە بۆ خواردن.




## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩




بەشێوەیەکی گشتی هەست بە ئاسوودەیی دەکەی لەڕۆژانی داهاتوودا بەهۆی ئەوەی یەکێك لە خەونەکانت دەبێتە ڕاستی کە ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوانی دەکەیت.

## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠




دەبێت بەشێوەیەکی بەردەوام و باشتر هەوڵ بدەی بۆ ئەوەی کەسانی تر متمانە بە تواناکانت بکەن، خۆشەویستەکەت ئەم ماوەیە کاتی نییە وەك جاران قسەت لەگەڵ بکات.

## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠



بریاری خێرا مەدە و باش بیربکەوە، لەوانەیە کاریگەری نێگەتیڤ دروست بکات و دواتر هەست ئەکەی هەڵەیەکی گەورەت کردووە، باری دارایيت باشتر دەبێت لەئایندەیەکی نزیکدا.

## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢




ئەگەر دەتەوێت پەیوەندی سۆزداری و خۆشەویستی نێوان خۆت و نزیکترین کەست بەردەوام بێت دەبێت ڕێز لە هەست و سۆزی بگریت و ئازادیەکانی سنوردار نەکەیت.

## شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢



ڕێگا مەدە قسەی خەڵك کاریگەریەکی زۆرت لەسەر درووست بکات، ئەگەر پێت وایە کارێکی باش ئەنجام ئەدەیت و زیانی بۆ کەس نییە ئەوا پێویست ناکات ڕای ئەو کەسانە وەربگریت.

## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢



ماوەیەکە دەتەوێت نهێنیەك بۆ هاوڕێکەت باس بکەیت و وا هەست ئەکەی هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە بیزانێت، ئێستا ئەو نهێنیەی پێ بڵێ، ئەویش نهێنیەکی زۆر گرنگ ئاشکرا دەکات.

ئامادەکردنی:داریۆ

## نوکتە

- کابرایەك دەچێتە سلێمانی و دەگاتە هـــەر جێگەیەك زمان بە دیوار دادێنێ. یەکێك لێی دەپرســـێ و دەڵێ: کاکە بۆ زمان بە دار و دیوار دادەهێنی؟ کابراکەش لە وەڵامدا وتی: لە گەڕەکی شەکرەکە دەگەڕێم و نایدۆزمەوە.

## جیاوازی وێنە!

بۆ زانینی ئاستی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەند جیاوازییەك لەم دوو وێنەیە بدۆزەوە








| ١٢ | ١١ | ١٠ | ٩ | ٨ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ■ | | | | | | | | | | | | ١ |
| | ■ | | | | | | ■ | | | | | ٢ |
| | | ■ | ■ | ■ | | | ■ | | | | | ٣ |
| | | | | | | | | ■ | ■ | | | ٤ |
| | | | | | | | | | | ■ | | ٥ |
| | | | | | | | | | | | ■ | ٦ |
| | | | | | | | | | | | ■ | ٧ |
| | | | | | | | | | | ■ | | ٨ |
| | | | | | | | | ■ | ■ | | | ٩ |
| | | ■ | ■ | ■ | | | ■ | | | | | ١٠ |
| | ■ | | | | | | ■ | | | | | ١١ |
| ■ | | | | | | | | | | | | ١٢ |

## ئاسۆیی:


١- گۆرانیبێژێکی کوردی کۆچ کردووە خاوەن وێنەکە.
٢- هێزی کارەبا(پ)- پەند.
٣- (مسـاومة) بە کوردی- ئاژەڵە- ئێمە.
٤- بێ دەنگ- دۆزەرەوەی یۆرانیۆم.
٥- ئاخافت- ساسا(ت).
٦- زام- ژمارەیەکە(پ).
٧- جۆرە ئۆتۆمبێلێکی- ناوێکی کورانە(پ)
٨- رەنگێکە- رەوشت.
٩- خوێ(پ)- گۆرانیبێژێکی بیانیە(پ).
١٠- دارێکە(پ)- پرس- دراوێکە(پ).
١١- عەلاگە(پ)- گیانلەبەرێکە(پ).
١٢- حەیرانبێژێکی کوردی کۆچ کردووە.

## ستوونی:

١- پایتەختی وڵاتێکی ئەوروپیە- شاعیرێکی کورد بوو(پ).
٢- جۆرە قوماشێکە(پ)- دوو پیتی بەفر- رووبارێکی کوردستانە.
٣- ئارەزوو- دۆرە بڕوانامەیەکە(پ)- شارێکە لە فەرەنسا.
٤- شەت(ت)- رینو(ت)- چەك(ت).
٥- وڵاتێکی ئاسیایە(پ).
٦- یارییەکی کوردیوارییە(پ)- ناوێکی کورانە(پ).
٧- پایتەختی وڵاتێکی ئاسیایە- نۆرە.
٨- دوو پیتی تاج- نیوەی کنێر.
٩- وەکویەك- زەریایەکە- پرس(پ).
گەورە- نۆتەیەکی مۆسیقایە(پ)- قاچ.
١١- کچە گۆرانیبێژێکی کوردی کۆچ کردووە.
١٢- گۆرانیبێژێکی کوردە.




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**
ئەگەر دەتەوێت سەرجەم شتەکان لەبەرژەوەندی تۆ دا بن دەبێت زیاتر هەوڵ بدەیت، لەبەر ئەوەی ناکرێت بەم شێوەیە و بە ئاسانی سەرجەم خەونەکانت بهێنە دی پێویستی بە هەوڵدانی زیاتر هەیە.




**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**
ئێستاش هیوا هەیە بۆ ئاسایی بوونەوەی پەیوەندی نێوان خۆت و هاورێکەت، ئەویش ئارەزوو دەکات قسەت لەگەڵ بکات، ئەتوانن زیاتر لەجاران پەیوەندی نێوانتان بەهێز بکەن.




**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**
چەند گرفتێك دەبنە هۆکاری دڵتەنگی کەسانی خاوەنی ئەم بورجە، بەڵام ناکرێت بێ هیوا بن لەبەر ئەوەی ئەوە بەوە ناسراون کە توانایان هەیە بە ئاسانترین شێوە چارەسەری گرفتەکانیان بکەن.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**
وا هەست ئەکەی کەسی بەرامبەر تۆی لەیاد کردووە و وەك جاران تۆی خۆش ناوێت، ئەم هەستە لەبیر بکە لەبەر ئەوەی خۆشەویستیەکەی کەم نەبۆتەوە و هەر تۆی خۆشدەوێت.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**
باری داراییت باشتر دەبێت، ئەمەش یارمەتیت ئەدات بۆ دەستپێکردنی چەند پرۆژەیەکی گرنگ، لەوانەیە لەسەرەتای هەفتەی داهاتوو هەواڵێکی زۆر گرنگ و خۆش پێبگات.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**
مەرج نییە هەموو هاورێیەك هاورێی راستەقینە بێت، ئەگەر سەرکەوتنت بەدەست نەهێنا واز مەهێنە و بەردەوام بە تاکو پێی دەگەیت، زیاتر خۆشەویستی بە کەسی بەرامبەر ببەخشە.

hemntoni@yahoo.com

## بۆ زاخـاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (قەراج) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم خانەنانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (لەناو پاتری ئوتۆمبێل هەیە)
- پیتی خانەکانی (٣+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای ( ئەنجامی ٣ جاران ٩ کۆ ٣ )
- پیتی خانەکانی (٣+١) کۆبکەیتەوە بە مانای (ژەهر بە زمانی عەرەبی)
- پیتی خانەکانی (٣+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (بەڵێ بە زمانی ئینگلیزی) !

